## تكایە كوردستان نێت مەكەنە شەڕە جنێوەكەی كۆنفرانسی پەرلەمانی گەنجان ... هێمن عومەر



دوای ئەوەی كۆنفرانسی گەنجان بەتەواوی پیرانەبوو نەك قبوڵ كردنی یەكتری تێدا نەبوو لە ڕاو بۆچونەكاندا بەدڵنیاییەوە ئەوە دەڵێم ئەگەر بێت و لەبەر شەرمەی مرۆڤایەتی و كۆمەڵایەتی نەبوایە ئەوانەی لە كۆنفرانسەكە دابوون شایەدی ئەوەن كە مامۆستای زانكۆو قوتابیە دڵ پڕەكە تێرو پڕیان لەیەك ئەدا كە ئەمەش بەمانای لەیەكتری حاڵی نەبوون و گوێنەگرتن و یەكتری تاسەر ئێسقان قبوڵ نەكردنە لەنێو ئەو گەنجانەدا زۆر زەحمەتە دیموكراتیەت تیایدا لەدایك بێت بەڵام ئەمەش بەمانای دەست شوشتن نیە لەوەی كە نەوەی نوێش بەهەمان هەوای نەوەی كۆن گەورە دەبێت و عەقڵێكی بەستو دەخاتە كاسەی سەریەوە

من وەك و كەسێك نەك وەك و نوسەرێك چونكە تاوەك و ئێستاكە بڕیارم بەسەر خۆمدا نەداوە كە نوسەرم بۆیە ئەوەی بەسەر بیرمدا هاتبێت نوسیومەو خۆم بەدەردی وتیان شەلم كوێرم ئەوەی هەست بكەم ئەو میللەتەی ئازاردا بێت بەڕای خۆم نوسیومە نەشم ویستوە بە كلیپێك ببمە هونەرمەندو وێنەكەم لە دەروازەی شار بدرێت، ئەو خێرا لەسەر یەك نوسینەشم هۆكارەكەی بۆ ئەو هەموو گەندەڵی و فەسادیە دەگەڕێتەوە كە بستێكی ئەو خاكە شوێنی هەڵوێست و ڕەخنەو نوسینە تاوەك و ئەگەر چارەسەریش نەكرێت كە كەس ئامادە نیە گوی بگرێت بەڵام نەنوسین و قسەنەكردنیش بەمانای ترسان و بێدەنگی و ڕازی بوونە بەو هەموو كڵاوەی كە هەرجارەی بە بیانویەكەوە بە قۆزی ئەخرێتە سەرمان.

بەهەرحاڵ ئەوەی كە ئەمجارە هێنامیەوە نێو قسەكردن ئەوە دووبارە جەوی ئەو كۆنفراسەیە كە دەیەوێت لە نێو سایتی كوردستان نێتی ئازیز كەمن پیی دەڵێم دڵی میللەت چونكە ئەگەر هەرخەمێكت هەبێت لێرە باشترت دەست ناكەوێت كە جێگای دەست خۆشی هەمووانەو ماڵی هەمووانە بۆیە پێموایە باشترە پیسی نەكەین و لە حاڵەتی ناحاڵی بوندا ئەو نەكەینە شوێنی ڕقەكانمان بەڵكو هەوڵ بدەین لە ڕێگەی ئیمەیلی یەكتریەوە گفتوگۆیەكی دیموكراتیانە بكەین بۆ ئەوەی پیرۆزی ئەو ماڵە نەشكێنین و خۆشمان لەو شەڕە دەنوكە نەجات بدەین.

ئەوەشی كە بە هەر بۆچونێك پەستە دەكری بۆچونی پێچەوانە بی ناشرین كردنی كەسیەتی یەكترو كردنی هەڕەشەو گوڕەشە بیخاتە ڕوو ئەوكات هەم خوێنەری بابەتەكان زێدەتر دەبێت و، لەگەڵ ئەوەشدا نوسینەكان هەرچۆنێك بێت خزمەتێكی میللەتەكەمان دەكات.

بۆیە تكایە با كوردستان نێتیش نەبێتە كۆنفرانسە شەڕەجنێوەكەی پەرلەمانی گەنجان.